**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٤٠٣ لە ٢٠١٨/١/٨**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١١٤٤٤له ٢٠١٧/١٢/١٠) ئاماژە بە بریاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠١٧ لەبەر هەبوونی گشت مەرجەکانی رێنمایی سەرەوە و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-**

## بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٨

## پەسەندکردن و فراوانکردنی گوندی ( کانی میکائیل )

- **پەسەندکردن و فراوانکردنی حەرەمی گوندی (کانی میکائیل) سەر بە ناحیەی بەکرەجۆ/ قەزای ناوەند لە پارێزگای سلێمانی چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بە ڕووبەری (٣٢) دۆنم و (٢٠) ئۆلك لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٦و٦٥و١٧٦) لە کەرتی /٣٨ کانی بەردینە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

**کریـم سنجاری**

**وەزیـری نـاوخـۆ**